هـانـا

هاوار بە ماڵم .. ئەمساڵا تێپەڕی و نیوەشەوێ

بێدار نەبوومەوە بگریم

تەواو .. براینە دەستم لێ بشۆن

ئەوە من نیم ساڵێك تێپەڕێ و نەگریم ..

ئەوە من نیم ..!

خۆ ئەمساڵا .. لە هەموو ساڵان پتر ..

رووباری وشك و ئەستێرەی کوژاوە و چۆلەکەی کوێرم دی

بەیانییەك هەڵنەستام و ..

فریشتەیەکی باڵا شکاو .. دەم پڕ لە خوێنی سارد

لەسەربان و بەرپەنجەرەی

ژوورەکەمدا نەبینم

تەواو کوڕینە .. دیارە منیش وەك

شەیتانە یەك چاوەکان

لە ئاسمانو لە خەمی خەڵکی دوورترو بەدڕەوشت بوویمە

خۆ ئەمساڵا ..گۆرانییەکان لە ساڵانی زوو ..

رەشتر بوون ..

ژمارەی کچە پاکیزەکانیش کەمتر

غیرەتی پیاوانی سەر ئەسپە پیرەکانیش ..

سارد و سڕتر

ئەی بۆ نەگریام ..؟

خۆ ئێوارانی ئەمسالا ..

گەلێ زەردەپەڕی خوێناویم دی

خەزانی ئەمسالا .. لەبری گەلاڕێزان .. گەلای گریانی دەوەراند

زستانی ئەمسالا .. ئاسمان فرمێسکی دەباراند

رەشەباش لەبری گەرد و خۆڵی بیابان ..

یا بۆنی شیرینی کوێستان

ژەهر و .. کلی دزراوی چاوی بووکە زۆر غەمگینەکانی دەهانی

ئەو بووکانەی بە زەبری خەنجەر .. بالیف خستنە سەر دەم

لە پیاوە پیر و چەتە نامەردەکان مارە دەکران

ئەی بۆ نەگریام ..؟

هانام هێناوەتە بەر تۆ گریان..

هۆ میوانی دوانزە مانگ لە من زیز

هۆ هاوڕێی هاودەم و ئازیز

لێت دەپاڕێمەوە .. وەك ئەو ژنە نەزۆکانەی بۆ منالێك

جووت مەمکی خڕیان

لە کێلی ساردی پیاو چاکێك هەڵدەسوون ..

دەگرین و دەپاڕێنەوە .. ئاوا لێت دەپاڕێمەوە

وەك ئەو قەیرە کچانەی بۆ بۆنی پیاوێك ..

لێوی گەرم و تەڕ و پڕ تەزوویان ..

لە شیشی ساردی قەفەزی

غەوسێك هەڵدەسوون

دەگرین و دەپاڕێنەوە .. بۆ مرازی هەرگیز نەبووی نێو دڵی

ژەنگرتوویان

شیشی قەفەزەکە رادەتەکێنن ودەبوورێنەوە ..

لێت دەپاڕێمەوە گریان .. ئەی زبانی پاکی

پێغەمبەرە نامرادەکان

فریام کەوە ..

وام لێمەکە گومان لە خۆیشم بکەم.

نیوە شەوێ .. بەو دەستە تەڕ و بێ پەنجانەی خۆت ..

بێدارم کەوە

زویر مەبە .. واتێمەگە خەمم کەمن.

تازە نە من دەسبەرداری تۆ دەبم ..

نە تۆش دەسبەرداری من ..!

1988